خولی ئینگلتەرا.. لیڤەرپوول لەنێو ئانفیلد بە نێتینگهام دەرا



لە خولی ئینگلتەرا لیڤەرپوول لەنێو ئانفیلد بە نێتینگهام دەرا.

لە یارییەکی هەفتەی 12ی خولی ئینگلتەرا، یانی لیڤەرپوول لە یاریگای ئانفیلدی تایبەت بە خۆی میوانداری نێتینگهام فۆرستی کرد.

تایمی یەکەم، یارییەکە بە ریتمەکی هاوسەنگ دەستیپێکرد و هەردوولا چەندین هەرشیان بردە سەر گۆلی یەکتر، بەڵام چانس یاوەری یانی میوان بوو، کاتێک موریلە بە لەدانی سەر گۆلی پێشکەوتنی بە تەمارکردن، نیوەی یەکەمیش بەو تاکە گۆڵە کۆتاییهات.

لە تایمی دووەم، دوور لە چاوەڕوانییەکان، لیڤەر خراپتر دەرکەوت، بەمەش نێتینگهام دوو گۆلی دیکەی لە خولەکانی 46 و 78 لە ڕێگەی ساڤنا و گیبس وایت تەمارکرد، تا کۆتاییش ڕەدز هیچ زەبرێکی نەبوو.

سەرەنجام نۆتینگهام فۆرەست لەنێو ئانفیلد بە سێ گۆڵی بەبەرامبەر بردنەوەی بەسەر لیڤەرپوول بەدەستهێنا ، لیڤەر خاوەنی 18 خاڵ و پلەی 11ی گرتووە، نۆتینگهامیش لە پلەی 16 دەبێندرێت.